خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وولآتی کوردان
صەد حەیف و صەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
کامی کچ و هەتیوی شیرین بیّ ڕایدەکێشن
هاوار دەبەنە بەر کیّ, پەشمە دەخیل و ئامان
مەسجید دەبێتە دێرە, ناقووسییان مونەززین
مەتران دەبێتە قازی, موفتی دەبێتە ڕەهبان.

*حاجی قادری کۆیی*

# لە نێوان دوو ویستگەی ڕووتێتیدا و پرسیاری شوناس

**وەلامێك بۆ د. ڕەفیق سابیر**

**نووسینی: بەکر ئەحمەد**

**دوو وێنە لە بالکانەوە.**

**وێـنەی یەکـەم: " یەکێك لەو پیرەمێردانەی کە لە جینۆسایدی سێربرێنیکادا ڕزگاری دەبێت و دوای کارەساتەکە خـۆی دەگەیێنێـتە بـەردەم یەکـێك لـە مزگەوتە ڕووخاوەکانی ئەوێ, بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە دەستەکانی بۆ ئاسمـان هەڵدەبـڕێت:" خـوایە گـیان ! مـن بـە ڕووتــی لە دایك بووم, بە ڕووتی دەمرم. لە نێوان دوو ویستگەی ڕووتێتـیدا, بەرگـی ئـایین و نەتـەوە و کولـتوورت کردەبەرم. دراوسێکەمیان کوشت چونکە مەسیحی بوو" کوڕەکەم بێسەروشـوێن کرا چونکە بۆسنەیی بوو, دیمتریان کوشت چونکە قەرەجێکی ئەلبانی بوو. خوایە گیان, نەدەکرا لە نێوانی بێشکە و قەبردا, لە نێوانی دوو ویستگەی ڕووتێتیدا, هەر بە ڕووتی بڕۆشتمایە؟"**

**وێـنەی دووەم: "لەسەر یەکێك لە خاڵەکانی پشکنینی نێوان سنووری کۆسۆڤۆ و یوگوسلاڤیادا, سەربـازێکی صربی, هاوولاتییەکـی ئەلبانــی ڕادەگـرێت: چـی لـەناو کـۆڵە پشتەکەتدایە؟ تەنها ئەم "حاسبە"یە شك دەبەم. کاتێك سەربازە صربەکە تەماشای کۆڵە پشتەکە دەکات, قەمەیەکی سەربازی دەدۆزێتەوە. ئەمە حاسبەیە یاخود قەمە؟ ئاخر تەنها بەهۆی ئەمەوەیە کە بتوانرێت سەرژمێری کۆتایی لە بالکاندا ئە نجام بدرێت."**

**لـە تەماشـاکردنی ئـەم دوو وێـنەیەدا کـە لـە یەکـێك لـە ئاگراویترین شوێنەکانی شەڕە میللییەکانی ئەمڕۆکەی ئـەوروپادا گـیراوە, ڕاسـتییەکی گـەورە شـاراوەیە. ڕاسـتییەك کـە تـیایدا پاراسـتنی شوناسـی نەتەوەیی و بە پیرۆزلەقەڵەمدانـی ئـەو شوناسـەدا, ئینسـانەکان بـەرە و دوو شـوێنی جـیاواز ئاڕاسـتە دەکـات. ئاڕاستەیەکیان گەڕانەوەیە بۆ جەوهەری ئینسان و وەرگرتنەوەی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی: داماڵینی تەواوی ئەو شوناسانەی کە دەستکردن و لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی کۆمەلآیەتی وسیاسی جۆراوجۆردا بە بالآی ئینسانەدا بڕاون.**

**ئاڕاسـتەی دووەمـیان ڕێـك بە پێچەوانەوە, ئینسان بەرە و ئەو پەڕی دڕندەیی دەبزوێنێت و بۆ پاراستنی شوناسی خۆی تەنها بە کۆتایی پێهێنان "بەوی دی" و خولقاندنی دەریایەك لە خوێن شاگەشکە بێت.**

**ناسنامەی نەتەوایەتی کورد و پرسیاری شوناس**

**"دیـارە ناسـنامەی نەتەوەیی بەرزترین شێوەی ناسنامەیە چونکە لە ناوەڕۆکدا مەسەلەی نرخ بۆخۆدانان و ڕێز لە خۆگـرتنە." ئەم دەستەواژەیە, لەگەڵ کەمی وشەکانیدا, خاڵی دەستپێکردن و تەوەرەی گشتی ووتـاری بەڕێز ڕەفیق سـابیرە کە لەسەر سایتەکانی کوردستان پۆست و کوردستان نێتدا بلآوکراوەتەوە. بۆ ڕەفیق سابیر, ئیسلامی سیاسی**

لە کوردستاندا" هەڕەشەیەکە لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد." بۆ ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم هەڕەشەیە, ڕەفیق سابیر سەرنجێك لە ئیسلامی سیاسی بە گشتی دەدات و پاشانیش خوێندنەوەی خۆی, کە درێژکراوەی بیروبۆچوونەکانی ناو کتێبی "ئیمپراتۆریای لم"ە لە پەیوەند بە ئیسلامی سیاسییەوە لە کوردوستاندا دەدات بەدەستەوە.

لەم دەربڕینە کورتەدا "دیارە ناسنامەی نەتەوەیی بەرزترین شێوەی ناسنامەیە چونکە لە ناوەڕۆکدا مەسەلەی نرخ بۆ خۆدانان و ڕێزلەخۆگرتنە." موقەدەسێك دەبینین کە خەرمانەیەکی گەورە دەوری داوە. "دیارە" وەك بەڵگەنەویستێك تا ئاستی ڕەهایەك بەرجەستە دەکرێتەوە. ئەوەی کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرزترین شێوەی ناسنامەیە, لەگەڵ وشەی "دیارە"دا بە دوا پلەکانی ڕاستییەکی ڕەها دەگەیێنرێت. ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی بەبەرزترین شێوەی ناسنامە و فەرزکردنی بەسەر خوێنەردا, ئینسان لەبەردەم پرسیارێکی تردا ڕادەگرێت: ئایا شوناسی ئایینی لە دیدی ئەو کەسانەوەی کە خۆیانی لە ژێردا پێناسەدەکەن لەخاڵی "نرخ بۆ خۆدانان وڕێزلەخۆگرتنەوە" دەست پێناکات؟ مەگەر ئەو کەسانەی کە لەژێر شوناسێکی کوولتوریدا یەکدەگرنەوە هەرهەمان بانگەواز دووپات ناکەنەوە؟ ئیتر بۆچی ناسنامەی نەتەوەیی دەکرێتە بەرزترین شێوەکانی ناسنامە؟ دیارە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا, ئینتیما ئایدیۆلۆژییەکانی وەڵامدەرەوەیە بە پلەی یەکەم کە دەستنیشانکەری ئەوەیە کە کام لەو شوناسانە بە پیرۆزترین و باڵاترین شێوازەکانی شوناس لە قەڵەم بدرێت.

پرسیاری شوناس بەر لەوەی کە وەك بەڵگەنەویستێك و ڕاستییەکی ڕەها سەرنجی بدرێتێ, جا ئەو شوناسە شوناسی نەتەوەیی, ئایینی یان کولتوری بێت, پرسیارێکی کۆمەڵایەتییە کە تەنها بە بوونی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەتوانێت ئامادەیی هەبێت. سەرەتاییترین خاڵێك لەدیاریکردنی پرسیاری شوناسدا, چەمکی جیاوازییە لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا. جیاوازییەك کە لە واقیعدا هێندە گەورە نییە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێك وێنەی لە پێشدا داڕێژراو لەلایەن "من"وە لەبەرامبەر "ئەویدی" دا دروستدەکرێت. سەرنجڕاکێشەر ئەوەیە کە ئەو کەسەی یەکێك لە شوناسەکان بەبەرزتر لەبەرانبەر شوناسەکانی تردا ڕادەگرێت, لە کۆتاییدا لەسەر بێحورمەتی کردن "بەوی دی" دەیەوێت بەهاکانی "نرخ بۆ خۆدانان و ڕێزلەخۆگرتن" ی خۆی وەربگرێتەوە. پاکێتی گەلی ئەڵمانیا و ڕێزلە خۆگرتنی تەنها لەڕێگەی پیسکردن و ڕێزلێنەگرتنی ئەوی دیدا دەتوانێت مانا پەیدا بکات. ڕێزلەخۆگرتن و نرخ بۆ خۆدانانی نازیستێکی سویدی لەبەرانبەر سەرڕەشێکی پەنابەردا, تەنها بە دروستکردنی وێنەیەکی تەواو دژی "ئەوی دی" لە بەرانبەرەکەی بە پلەی باڵای خۆی دەگات. نرخ بۆ خۆدانانی شوناسی موسوڵمانێك تەنها لە بێنرخکردن و پیسکردنی شوناسەکانی ئەوی دیدی یەهودی و مەسیحی و پەیڕەوانی ئایینەکانی تردا دەتوانێت بوونی هەبێت. شوناسی خۆرئاوایی بوون و شارستانی بوونی خۆرئاوا تەنها لەسەر ناشارستانی بوونی خۆرهەڵات دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بە کورتییەکەی, لە جیاوازییەکانی نێوان "من" و "ئەویدی"دا کە "من" شوناسی خۆی لەبەرامبەردا دروستدەکات, ئەوە خودی جیاوازییە نێگەتیڤەکانە کە زیاتر جەختی لەسەردەکرێتەوە. شوناسی "من" لەبەرامبەر "ئەویدی" قەرەجدا, ئەگەر ئەو منە لەهەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا بێت بریتییە لە تەواوی ئەو شتانەی کە لە قەرەجدا هەیە و لە شوناسی مندا بوونی نییە: قەرەج دزە, درۆزنە, کارنەکەرە, منداڵدەفڕێنێ. قەرەج ئەگەر تاکە خاڵێکی پۆزەتیڤی وەرگرتبێت لە شوناسی خۆیدا, ئەوە تەنها لەناو شیعردا گەڕیدەیی پێبەخشراوە.

لە پرسیاری بە پیرۆز سەرنجدانی شوناسەکاندا ئەوەی قوربانییە تەنها ئینسانە ڕووتەڵەکەی گۆشەکانانی ئەمڕۆکەی سەر زەوییە کە لە جەنگی بە پیرۆزڕاگرتنی شوناسەکاندا لەشی ڕووتی دەبێتە کووتە گۆشتی بەردەم قەمەی شوناسی پیرۆزی ئەلبانی و فارس و عەرەب و کورد و ئەڵمانی.

ڕەفیق سابیر لە خوێندنەوەیدا بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان, هێندە ترسی لە لاوازکردنی شوناسی نەتەوایەتییە, هێندە بە تەنگ ئەوەوە نییە گە بە ئیسلامی کردنی کوردستان و بەرجەستەکردنەوەی شوناسی

ئیسـلامی چ نەهامەتییەکـی خەتەرتـری لە پرۆسەی بێحورمەتی کردن بە ئینساندا لە تایبە تمەندێتی خۆیدا بە دواوەیە.

بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە هەڕەشەی لێدەکرێت, ڕەفیق سـابیر کۆمەڵـێك ڕوونکـردنەوە دەخاتـە بەردەست کە:" ئایین لە کوردستاندا قەت قورساییەکی سیاسی و ڕۆڵێکی گرنگـی لـە دیاریکردنـی ناسـنامەی کـورددا نەبـووە. چـونکە فاکتەرێکـی خۆجیاکـردنەوەی کـورد لـە نەتـەوە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان نەبـووە. هـەروەها وەك ئایدیۆلۆژیای سیاسی, هیچ ڕۆڵێکی لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا نەگێـڕاوە. بۆیە لە مێژووی نزیکی سەد ساڵی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد( تا سەردەمی ڕا پەڕین ), ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شوێنێکی نەگرتووە."

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا کۆمەڵێك خاڵ هەن کە پێویستیان بە سەرنجدانێکی ووردترە.

یەکەمـیان ئەوەیـە کـە ئایین لە کوردستاندا قەت قورساییەکی سیاسی و ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی ناسنامەی کـورددا نەبـووە. دووەمـیان ئەوەیـە کـە لـە مێژووی نزیکی سەد ساڵی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد ( تا سەردەمی ڕا پەڕین ), ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شوێنێکی نەگرتووە.

### *نەتەوە و ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوایەتی*

سـەرەتا لـەو خاڵەوە دەستپێدەکەم کە ئایین قەت قورساییەکی سیاسی و ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی ناسنامەی کـورددا نەبـووە. پاشـانیش سـەرنجێك لـەو مـێژووە سـەد ساڵەیە دەدەم کە بە مێژووی ئیسلامی سیاسی لەقەڵەم دەدرێت, نەك لە کوردستاندا بەڵکە بە گشتی لەو وڵاتانەدا کە ئیسلامی سیاسی ئامادەیی هەیە.

بەوەی کە خاڵی دەستپێکردنی ڕەفیق سابیر ناسنامەی نەتەوەیی کورد و لاوازبوونییەتی لەبەرانبەر هەڕەشەیەك کە ئیسلامی سیاسی دەیکات, ناچارم کە وتەکانی ڕەفیق سابیر لە پەیوەند بە ناساندنی شوناسدا دووبارە بنووسمەوە, تاکـو لـە دوایـیدا سـەرنجێکی وردتـر لـە خـودی شوناسـی نەتەوایەتـی بـدەین کـە لەلایـەن ناسیونالیزمەوە دروستدەکرێت.

ڕەفـیق سـابیر دەنووسـێت:"مـرۆڤ لەیـەك کاتـدا کۆمەڵـێك ناسـنامەی هەیـە, ناسـنامەی نەتەوەیی, ئایینی, کۆمەلایەتـی, ڕەگـەزی( ژن و پـیاو ) و حیزبـی. من بە پەیوەند لەگەڵ ( ئەویدی ) دا شێوەی ناسنامەی خۆی نیشان دەدات. بـۆ نمـوونە مـنی کـورد لەبەرامبەر دەوڵەتی عەرەبی عێراقدا کوردە.( من )ی عەرەب لەبەرامبەر ( ئەویدی ) تـورك یـان فارسـدا عەرەبـە. کەچـی لەبەرامـبەر ئەویـدی مەسـیحی یـان جـوولەکەدا مسـوڵمانە, هەروەها بە پێچەوانەوە. بۆیە زۆر جار دۆخی سیاسی یان بە بەراورد لەگەڵ ئەویدی ناسناوەی ( من ) خۆی پێناسە دەکات."

ئـەم ڕوونکـردنەوە سادەیەی ڕەفیق سابیر پیشا نماندەدات کە ئینسان لەیەك کاتدا هەڵگری کۆمەڵێك ناسنامەیە, هاوکاتـیش نیشـانی دەدات کـە هـیچ کـام لـەو شوناسـانە ئەبـەدی و هەتا سەرنین. بۆ کەسێکی کورد کە خۆی لە ئەفسـانەکانی ئایین ڕزگارکردووە, بەهەمان شێوە شوناسی ئایینییەکەیشی نامێنێت و لە بەرامبەر ئەویدی غەیری موسـوڵماندا, پرسیاری شوناسی ئایینی گرنگی پەیداناکات. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە شوناسی نەتەوایەتی تـەنها لەسـەر ئینتـیمای کوردبوونـی تاکـەکان ڕانەوەسـتاوە, بەڵکـو لەسـەر کـۆی ئـەو ڕەگەزانە ڕاوەستاوە کە ناسیۆنالیزم بۆ دروستکردنی نەتەوە پێویستییەتی.

شوناسـی نەتەوایەتی تێکەڵێکە لە کۆی کۆمەڵێ شووناسی تر کە ناسیۆنالیزم بۆ سیما بەخشین بە ڕووخساری ئەو دەموچاوە جیاوازانەی کە بڕیارە هەمموویان لەیەك بچن, دەستی بۆ دەبات.

ڕەفـیق سـابیر دەتوانێت هەم ناسیونالیست بێت و هەم کەسێکی سکولار بێت. بەڵام سکولار بوونی ئەو ناتوانێت ئەو ڕاسـتییە بسـڕێتەوە کـە ئـایین بـۆ ناسـیونالیزم و بـزووتنەوەکەی یەکێك لەو کۆڵەکە گرنگانە پێکدەهێنێت کە ناسـیونالیزم لەسـەری ڕادەوەسـتێت. تیۆری تازەی ناسیونالیزم ئەو دیدە کۆن و تەقلیدیانەی کە بۆ پێناسکردنی نەتـەوە بـەکاری دەهێـنا دەخاتە لاوە و نەتەوە بە دەستکردی ناسیونالیزم ناودەبات نەك وەك بوونێکی لەکۆنەوە

هەبوو. لێکۆڵینەوەکانی بێنێدیت ئەندەرسۆن, هۆبزباوم, گێڵنەر و دەیەها لێکۆڵینەوەی تر لەسەر ئەوە جەختدەکات کە ئەوە بوونی نەتەوە نییە کە ناسیونالیزم بەرهەم دەهێنێت بەڵکو پرۆسەکە بە پێچەوانەوەیە و ئەوە ناسیونالیزمە نەتەوە دروستدەکات. بەڵام جێگاوڕێگای ئایین لە بەخشینی شوناسێکی کۆلێکتیڤدا بۆ هاوئایینبوونی تاك تاکی ئەندامەنانی نەتەوە, ڕەگەزێکی گرنگەو فەرامۆشکردە نییە. دەستەواژە بەناوبانگەکەی گێڵنەر ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر لە بواری زانستەکانی سۆسیۆلۆگیدا شوێن پێی خۆی کردۆتەوە: " ناسیونالیزم بە ئاگاهێنانەوەیەکی نەتەوەکان نییە بۆ ناسینی خۆی, بەڵکە ناسیونالیزم دروستکەری نەتەوەکانە لەو شوێنانەشدا کە نەتەوەکان نین." هەر بۆیە وتەکانی سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا, ماسیمۆ دازێگلیێو لە ساڵی 1861 دا ئاسانتر لە پاڵ دەستەواژەکەی گێڵنەردا دەخوێنرێتەوە: " ئێمە ئێستا ئیتالیامان دروستکرد, ئێستا لەسەرمانە کە ئیتالییەکانیش بخوڵقێنین."

پڕۆژەی خوڵقاندن و دروستکردنی نەتەوەکان لەلایەن ناسیونالیزمەوە لە زۆر شوێنی دنیادا لە یەکدەچێت بە کەمێك ئاڵوگۆڕی کەمەوە. ئەگەرچی ناسیۆنالیزم توانای دروستکردنی نەتەوەی هەیە بە بێ ئەوەی ئامادەییەکی ئەتنی هەبێت . پڕۆژەی دروستکردنی ئەمریکا لەسەر بناغەی زمانی هاوبەش و کەلتووری هاوبەش و خاکی هاوبەش دروستنەکراوە. ئەم بابەتە لە ئێستادا لە باسەکەی خۆمان دوورمان دوخاتەوە شوێنی لێرەدا نابێتەوە.

بۆ ئەوەی نەتەوە لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە دروستبکرێت, شاعیرانێکی پێویستە کە ئەفسانەو پاڵەوانەکانی بۆ سازبکات, کەسانێکی لە بواری زانستی جوگرافیادا پێویستە کە سنوورەکانی نیشتیمانی نەتەوەی بۆ بکێشێت, ئەندازیارانێکی مێژوویی پێویستە کە ڕابردوو زیندوو بکاتەوە وبیکاتە موڵکی نەتەوە, کەسانێکی سیاسی پێویستە کە ئەم نەخشە لە پێشدا ئامادەکراوە لە بواری پراکتیکدا بە ئە نجام بگەیێنێت. بە کورتییەکەی پڕۆژەی دروستکردنی نەتەوە, دووبارە دروستکردنەوەیەکی مەعمارییانەی کۆمەڵایەتییە. گرنگی ئایین بۆ ئەم بیناسازییە کۆمەڵایەتییەی نەتەوە لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە لەوەدا دەردەکەوێت" کە کولتور و خاك و ئایین بکاتە ئەو ڕەگەزە هاوبەشانەی کە تاکەکانانی نەتەوەیەك بەیەکەوە گرێدەداتەوە. ئینسان لەم پڕۆژەیەی ناسیۆنالیزمدا خاوەنی دەموچاوێکی تاکگەرایانەی خۆی نییە. دەموچاوی ئینسانەکانی ناسیۆنالیزم هەر هەموو لەیەکدەچن. ئەوان ئەو تاکە لەیەکچووانەی نەتەوەیەکن کە خاوەنی زمانی هاوبەش و کولتووری هاوبەش و ئایینی هاوبەش و ترادیسیۆنی هاوبەشن.

بۆ ئەوەی ئەم دەموچاوە لەیەکچووانەش گوومانێکیان لادروستنەبێت, ئەوا سنوورەکانی نێوان "ئێمە" ی لەیەکچوو هەموو ساتێك دەبێت تۆختر بکرێتەوە لەبەرانبەر "ئەوانی دیدا". شوناسی نەتەوایەتی پەردە بەسەر هەموو جیاوازییەکانی کۆمەڵگادا دەدات و ڕەفیق سابیرێك کە بڕوای بە ئایین نییە, لە ژێر پەرچەمەکانی شوناسی نەتەوایەتیدا دەبێتە هەڵگری بەشێك لەو شوناسە دەستەجەمعییەی کە ناسیۆنالیزم بۆ نەتەوەی داتاشیوە. لە ڕاستیدا ئەوە تاکەکانی ناو نەتەوەیەك نین کە ناتوانن خۆیان لە ژێر دەمەچاوێکی ئایینیدا بناسنەوە, بەڵکو ئەوە ناسیۆنالیزمە کە ئایین دەکاتە کۆڵەکەیەکی گەورەی پێناسەکردنی بوونی نەتەوە. پاراستنی ئەم ڕەگەزە گەورەیەی نەتەوە لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە لەوێدا دەردەکەوێت کە هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕادیکاڵ بە ئایین, هەر ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکالانە لە بەرانبەر ئاییندا, بەر لەوەی تووڕەیی ئیسلامییەکانی کوردستان هەڵبستێنێت, ئەوا ناسیۆنالیزم دێنێتە وەڵام و لە ژێر پەرچەمەکانی "سووکایەتیکردن بە موقەدەسات و باوەڕی خەڵکی کوردستاندا, شمشێری خۆی ڕادەوەشێنێت. "جند الاسلام" دەکرێتە "جند الارهاب" و لە بەرانبەر کاری تێرۆریستانەی بکوژانی فرانسوا حەریریدا, ئەوە مەسعود بارزانییە لە ئیسلامییەکان ئیسلامی ترە و ئەوە جەلال تاڵەبانییە کە دەبێت شەرەفە لەدەستچووەکەی ئیسلام بکرێتەوە.

بۆ ناسیۆنالیزم ئایین بریتییە لەو چەکە ئامادەیەیە کە لە کاتی خۆیدا گەورەترین قازانج بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم دەکات. ناسیۆنالیزمی کورد هێزێکی سکولارە بەوەی کە ئەڵتەرناتیڤە سیاسییەکەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی نییە. بەڵام سکولار بوونی ناسیۆنالیزمی کورد لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت و هەڵوێستێکی

ڕادیکاڵانە نییە لەبەرامبەر ئاییندا. ئەو کەسانەی پێیان وایە کە ناسیۆنالیزمی کورد لە هەلوێست گرتنیدا لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا دەکەوێتە موغازەلە و بە بەڵگەکانی خودی ئیسلامەوە دەچێتە شەڕی ئیسلامی سیاسی, ناتوانن درکی ئەوە بکەن کە ئایین یۆ ناسیۆنالیزم وەك ڕەگەزەکانی زمان و کولتوور و خاکی هاوبەش گرنگییەکی گەورەی هەیە. پرۆسەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و دەستکۆتاکردنی ئایین لە خۆتێهەڵقورتان لە ژیانی تاکەکاندا, پەیامی بزووتنەوە ناسیونالیستەکانی ئەمڕۆ نین. بۆ ناسیۆنالیزمی کلاسیك ئەم خاڵە گرنگییەکی گەوروی هەبووە. چونکە دروستبوونی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی ئەوروپا لە جەرگەی شۆڕشی پیشەسازیدا, بۆرجوازی ناچاردەکرد کە بۆ داماڵینی دەسەڵاتی فیوداڵی دەبووایە دەسەڵاتی کڵێسای لە پێش هەموو شتێکی ترەوە داماڵیایە. لەو شوێنانەشدا کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکسەر لەسەر ئەساسی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئایینییەوە بوو بێت, بۆنموونە لە پرۆسەی دروستکردنی دەولەتی ناسیۆنالیستی تورکیادا, دەستکۆتاکردنی ئایین ئەرکێکی مێژوویی و بە ئایینده نەسپاردوو بووە.

خاڵێکی سەرنجڕاکیش کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە لە پەیوەند بە ناسیۆنالیزم و ئایینەوە بە تایبەت لەمڕۆکەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا کە پێویستە ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بکرێت, ئەو گرنگییەیە کە ناسیۆنالیزم لە پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەدا بۆ ئایینی داناوە. ئەمڕۆ ئیتر هەر هەڵویستوەرگرتنێکی رادیکاڵانە لە بەرامبەر ئاییندا مەحکوم بە مەرگ دەبێت تا هەژموونی ئەو دیدە نەخرێتە ژێر ڕەخنەیەکی رادیکاڵانەوە کە پێی وایە ئیسلام بۆ شوناسی نەتەوەیی عەرەب نابێ دەستی لێوە بدرێت چونکە دەستبردنە بۆ میراتێکی کولتوری کە تەواوی پرۆژەی نەتەوەیی لە ڕەهەندە پیرۆزەکانی و سەربەرزییەکانی خۆی دادەماڵێت. لە بەرامبەر ئەم دیدەدا ئیتر ناسیۆنالیزم و ئایین بە جۆرێك بە ناویەکدا دەچن کە ئینسان ناتوانێت جیاوازییەك لە نێوان صدام حسین و ڕابەرانی حەماسدا ببینێتەوە. لەسەر ئەم جەستە یەکگرتووەی ئایین و ناسیۆنالیزمە کە تەواوی ئەزمەی سکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بە مردوویی لە دایك دەبێت. لێرەوە ئەزمەی ناسیۆنالیزم و دەستەوەستانبوونی ئەو لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن و سکولاریزەکردنی کۆمەڵگادا ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆیمان نیشادەدات. لێرەوە دەتوانین لە نهێنییەکانی موغازەلەی ناسیۆنالیزمی سکۆلار بگەین کە بە زمانی ئیسلامەوە دەچێتە شەری ئیسلامی سیاسی. هەڵبژاردنێکی سیاسی کە هێندەی پەیوەندی بە جەوهەری هەڵویستگرتنەکەوە هەیە, هێندە پەیوەندی بە تەکتیکی سیاسی و سەنگوسووکی هێزەکانی دەرگیر لەم کێشەیەدا نییە.

ئێمە هەر ئەمڕۆ شاهیدی کاریگەری ڕەگەزی ئایین هەین بۆ ناسیۆنالیزم تەنانەت لەو دەوڵەتانەشدا کە ئایین لە دەوڵەت جیایە. ناسیۆنالیزمی ئەمریکی ئەمرۆ لە شەڕی بەناو دژی تیرۆریزمیدا قسە لەبەرابەرکێی دنیای شارستانێتی خۆرئاوایی مەسیحی دەکات لەبەرامبەر دنیای "ناشارستانی" خۆرهەڵاتی ئیسلامدا. ئەگەرچی ئەم بانگەوازە زۆر پووچە, بەڵام لە خوارەوە و لە ناو خەڵکیدا گوێگرێکی کەمی نییە.

ئەوەی کە ڕەفیق سابیر پێی وایە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا هەڕەشەیەکە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ناتوانرێت وەك ڕەخنەیەکی جدی وەربگیرێت چونکە لەناو خودی ناسنامەی نەتەوایەتیدا ڕەگەزی ئایین بە شێوەی ناسنامەیەکی تر ئامادەیی هەیە. ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد کارناکات, بەڵکو لەسەر بەهێزکردنی شوناسی ئایینی کوردی موسوڵمان کاردەکات. ئاخر ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا لەسەر بوونی ستەمی میللییەوە بانگەوازی خەڵکی دەکات. ئەو لەبری بانگەوازە گرنگەکەی ناسیۆنالیزم کە دەڵێ: ژێردەستەیی کورد, رژێمی فاشیست, وشەی مەزڵومیی کوردی موسوڵمان و زاڵمبوونی ڕژێمی بەغداد دەخاتە جێگای. ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر بنەمای ستەمێکی ئایینی کە لە نەتەوەی کورد کرابێت دروست نەبووە تاکو لە مەترسییەکانی لاوازبوونی شوناسی نەتەوایەتی بمانترسێنێ. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە پێت وابێ لەبەرئەوەی ستەمێکی ئایینی لەسەر کورد نەبووە کەواتە ئیسلامی سیاسی بۆچی؟

ئیسلامی سیاسی لە جەزائیردا لەسەر ژێردەستەیی ئایینی و ستەمێکی ئایینی کە لە خەڵکی جەزائیر دەکرێت ئامادەیی خۆی ڕانەگەیاندووە, کێشەی عەرەب و ئیسرائیل بەرلەوەی کێشەی موسوڵمان و جوولەکە بێت کێشەیەکی نەتەوایەتییە کە هێزە ئاینییەکانی هەردوولا بە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان وتەورات ئاگری ئەم شەڕە نەتەوایەتییەی پێ جۆشدەدەن. لە جمهوری ئیسلامی ئێراندا کە دەسەڵاتی خوایان دابەزاندووەتە سەر زەوی, ناسیۆنالیزمی فارس هێشتاکە لە چڵە پۆپەکانی خۆیدایەتی. ڕەخنەیك لە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دەبێ بگیرێت بە پلەی یەکەم دەبێت لە جێگا و شوێنی ئاییەنەوە بێت لە تەواوی سترەکچەری کۆمەڵایەتیدا. بۆ ناسیۆنالیزمی سوونەتی ئایین هەموو کاتێك وەك بەشێك لە شوناسی نەتەوایەتی کورد لە بەرامبەر هەر ڕادیکالیزمیکدا وەك شمشێرێك بەسەرسەری ئینسانەکانەوە ڕاگیراوە, بۆ ناسیۆنالیزمی ئایینی کە پەرچەمدارەکەی لەمڕۆدا و لە کوردستاندا ئیسلامی سیاسی و ڕیزێك لە ئەحزاب و ڕێکخراوی ڕەنگاورەنگە, ئایین ئەو دەستگاییەیە کە دنیا بەسەر مەملەکەتەکانی کفر و ئیماندا دابەشدەکات و سەرجەمی کۆمەڵگا نوقمی خوێندەکات. بەڵام لەهەردوو بارەکەدا ئێمە لەبەرامبەر دوو دەسەڵاتی ناسیۆنالیستیداین کە هەردوو لایان ئایین و ئامادەیی ئەو لەژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك خۆی ڕادەگرن. جا ڕەهەندی شووناسی نەتەوایەتی فارس بوونەکەی کەمێك لەسەرەوە بێت یان شیعە بوونی کەمێك تۆختر بێت وەك ئەوەی کە لە ئێراندا دەیبینین. بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا ناسیۆنالیزمەو بە پێی هەل و مەرج و گەرمبوونی بازاڕی هەرلایەکیان دەکرێ ئەو لایەی شوناسی نەتەوایەتی نیشان بدرێت کە ڕۆژگار پێویستیەتی. ئەگینا شوناسی مەسیحی بوون لە ئەمریکادا تەنها شوناسی ڕێکخراوە ڕاسیستییەکانی ئەمریکا بووە نەك شوناسی نەوەکانی مادۆنا و مایکڵ جاکسۆن کە لەمڕۆدا لە بەرامبەرکێی شوناسی موسوڵماندا بەرزڕادەگیرێت.

## ئیسلامی سیاسی و مێژووی سەدساڵەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد

من تا ئێستا لە پرسیاری شوناسدام کە تەوەری سەرەکی باسەکەی ڕەفیق سابیرە , بۆیە ناچارم لێرە بە دواوە سەرنجێك لەو دیدەش بدەم کە ئەو هەیەتی سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی. ڕەفیق سابیر دەنووسێت:"ئایین لە کوردستاندا قەت قورساییەکی سیاسی و ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی ناسنامەی کورددا نەبووە. چونکە فاکتەرێکی خۆجیاکردنەوەی کورد لە نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان نەبووە." پاشانیش دەنووسێت:" بۆیە لە مێژووی نزیکەی سەد ساڵەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورددا ( تا سەردەمی ڕاپەڕین ) ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شوێنێکی نەگرتووە."

من لەسەرەتای باسەکەدا پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەم باسکرد وجەختم لەسەر ئەوە کرد کە ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە دروستدەکات ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەکانی گێلنەردا.

بەشێك لەو کەسانەی کە لە پڕۆژەی دروستکردنی نەتەوەی کورددا کاریانکردووە, جگە لە شاعیران و مێژوونووسان وئەدیبان, دەیەها ڕووخساری تری سیاسیە کە ڕۆژانە گوێمان لە ناوەکانیان دەبێت. شێخ سەعیدی پیران, بنەماڵەی بەدرخانەکان, بارزانی, قازی محەمەد و شێخ مەحموود. ئەم ناوانە و دەیەها ناوی تر, بەر لەوەی ڕابەرانێکی نەتەوەیی بوون, ڕووخساری ناسراوی ئایینی سەردەمی خۆیان بوون. ئەوان لەسەر سەرمایەی ڕەمزی ئایینیان توانیان لە پلەی یەکەمدا پشتگیری جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆلای خۆیان ڕابکێشن. ئەمە خاڵێکی گرنگەو کافر و مولحید بوونی هیچ توویژەرەوەیەك ناتوانێت ئەم میژووە لە ڕۆڵی ڕووخسارە مەزهەبیەکانی کوردستاندا بۆ پڕۆژەی ناسیۆنالیزم لە پەیوەند بە دروستکردنی نەتەوەی کوردەوە تۆمارنەکات. بەڵام خاڵی گرنگ کە دەبێت لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە ئەڵتەرناتیڤی سیاسی ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەوان بە شوێنییەوە بوون دەسەڵاتێکی ئیسلامی نەبووە. ئەمەش نەلەبەر ئەوەی کە خیانەتیان لە پەیامە ئایینییەکەی خۆیان کردبێت, بەڵکو تەنها لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیەی کە ئیسلامی سیاسی نەیدەتوانی لەو هەلومەرجەدا بوونی هەبێت.

ئیسلامی سیاسییەك كە ئەمڕۆ ئێمە دەربارەی دەدوێین, پڕۆژەیەكی مۆدێرنە, نەك بە مانای پەیامەكەی, بەڵكە بە زەمەنی لەدایكبوونەكەی. ئیسلامی سیاسی وەك لە خودی ناوەكەیەوە دیارە, بزووتنەوەی هێزێكی سیاسییە كە ئامانج و ستراتیژی كۆتاییەكەی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە.

ئیسلام لە ڕۆژگاری داگیركردنی مەككەوە تا ڕۆگارەكانی تری خەلافەت, هێزێك بووە لە دەسەڵاتدا. ئیسلامی سیاسی تا ڕۆژگارە نزیكەكانی سەدەی بیست لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هێزێكە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە پڕۆژەیەكی ناسیۆنالیستانەی تورك دەداتە قەڵەم, ئەلف و بێیەك لە جەوهەری ناسیۆنالیزم نەگەیشتووە. ئەوە كەمالیزمە كە پرۆژەی دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورك بە ئەنجام دەگەێنێت. یەك بە یەكی خەلافەتەكانی ئیسلامی لە مێژوودا, پڕۆژەیەكی ئیسلامی سیاسییە نەك هێمایەك بۆ دەسەڵاتی نەتەوایەتی عەرەب. دەسەڵاتی ناسیۆنالیستانەی عەرەب ئەو هێزەیە كە لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیدا شەری مان و نەمان دەكات, ئەگەرچی دەسەڵاتیكی مەزهەبیشی لەبەرامبەردایە كە پەرچەمەكەی ئایینی ئیسلامە. عەبدولقادری جەزائیری و عمر المختار و دەیەها ناوی تری ڕووخسارە مەزهەبیەكانی عەرەب, شۆڕشگێڕانێكی ناسیۆنالیستن كە لە پرۆژەی درەستكردنی نەتەوەی عەرەبدا لە پێشی پێشەوەی سەنگەرەكاندا ڕاوەستاون. ئەوان وەك هەموو ڕابەرە مەزهەبییە ناسیۆنالیستەكانی كورد "قارەمانانی" بزووتنەوەیەكی ناسیۆنالیستین نەك سەربازانێكی ئیسلامی سیاسی. كەس ناتوانێت مێژوویەكی سەد ساڵە بۆئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا دروست بكات و پێیان بڵێت كە ئێوە لەو مێژووە درێژەدا جێگایەكتان لە كوردستاندا نەگرتووە. ئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا نە بەهۆی ئەوەی كە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا جێگایەكی نەگرتووە و خاوەنی درێژترین ڕووباری خوێن نییە دەبێت هەڵوێستی بەرامبەر بگیرێت بەڵكو بە كوتانی زەمینەكانی كە ئەوان دەتوانن خۆیان لەسەرییەوە بەرهەمبهێننەوە دەبێت وەڵامی پێبدرێتەوە.

ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ لە كوردستاندا لەسەر برینی ستەمی میللی خەڵكی كوردستانەوە دەتوانێت ئامادەیی خۆی ڕابگەێنێت. ئەوە بوونی ستەمی میللی و بەچارەسەرنەكراوی مانەوەی ئەم دەردەیە لە كوردستاندا كە بزووتنەوەی سیاسی جۆراوجۆر دێتە سەر شانۆی سیاسی و ئەلتەرناتیڤی خۆی دەخاتە بەردەست.

خاڵێكی تری زۆر گرنگ كە لە وتارەكەی ڕەفیق سابیردا یە و دەبێتە مایەی هەڵوێست وەرگرتنێكی تر لەلەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا و دەبێتە هۆی ئەوەی كە ڕەفیق سابیر "شەرعیەتی ئازادی كاركردنیان لێبسەنێتەوە", ئەوەیە كە ئەوان: "بەرهەمێكی سروشتی و ئاسایی كۆمەڵی كوردستان نین, بەڵكە لەدەرەوەی سنووری كوردستان و بە كۆمەكی لایەنی دەرەكی دروستكراون." نوكی تیژی ئەم ڕەخنەیە تا ئەو شوێنە بردەكات, كە ئەمڕۆكە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە پێشەوەی وەستاوە و جند الاسلام بە زادەی دەستتێوەردانێكی بن لادن لەقەڵەم دەدات و بە پرۆسەیەكی سرووشتی باڵە جۆراوجۆرەكانی ئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا ناداتە قەڵەم. بەڵام ئایا ئەگەر ئیسلامی سیاسی "وابەستەیی" خۆی بە هێزە دەرەكییەكانەوە وەك گریمانێك ڕابگەێنێت, ئایا دەكرێ پەسەندبكرێن؟

ئەگەر حزب اللەی لوبنان وابەستەیی خۆی بە ئێرانەوە كۆتایی پێبینێت, زۆر پەسەندترن لەوەی كە هەن؟ بۆچی وابەستەیی زلهێزەكانی ناسیۆنالیزم بە ئێران و توركیاوە ئەوان ناكاتە بەرهەمیكی نا سروشتی و نائاسایی كۆمەڵگایی كوردستان؟

ترسێك كە ڕەفیق سابیر هەیەتی لە ئیسلامی سیاسی لە كوردستاندا تەنها لە هەڕەشەی ئەو هێزانەوەیە كە شوناسی نەتەوایەتی نەتەوەی كورد لاوازدەكان. ئیسلامی سیاسی نەك بە زادەی كۆمەڵگایەك ناناسێنێت كە مەسەلەی میللی تیایدا بێوەڵام هێڵراوەتەوە و ئامادەیی ئایین تیایدا وەك ئایینی ڕەسمی دەوڵەت قبوڵكراوە و ناسیۆنالیزمیش وەك یەكێك لە پایەكانی دروستكردنی نەتەوەدا, شوناسی موسوڵمان بوونی نەتەوەی كوردی وەك جاڕنامەیەكی ناسیۆنالیستی ڕاگەیاندووە و هۆمۆسیكسوال و سۆزانی و ئاتەیست و كۆمۆنیستی كوردی لە ژێر پەرچەمەكانیدا, تەنها بەهۆی كوردبوونیانەوە كۆكردوەتەوە, بەڵكو تەنها وەك دەستتێوەردانێكی دەرەكی دەیبینێت كە هاتووە بۆ ئەوەی خەونەكانی ناسیۆنالیزم بزڕێنێت.

ڕەفیق سابیر و لیستێکی درێژ لە ڕووناکبیرانی کورد بە پۆستمۆدرێنەکانیشیانەوە، تا ئێستاش خەونی نەبوونی دەوڵەتی کوردی و مانەوەی ستەمی میللی لە کوردستاندا دەبەستنەوە بە لاوازی شوناسی نەتەوەیی کوردەوە و تەواوی کۆششیان بەم ئاڕاستەیەدا کاردەکات. لە کاتێکدا پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەی کورد لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە دەمێکە بە ئە نجام گەیێنراوە وئەوەی کە ماوە بەرزکردنەوەی ئەم نەتەوەیە تا ئاستی دەوڵەت. کە ئەمەش لە پلەی یەکەمدا بڕیارێکی سیاسییە و ناسۆنالیزمی کورد هەتا ئێستا لێنەوەشاوەیی خۆی نیشانداوە. ناسیۆنالیزمی کورد، لەناو هاوکێشەی شەڕ، سازش، شەڕدا، چارەنووسێکی زەلیلانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و خەونی دروستکردنی دەوڵەتی گۆڕیوەتەوە بە شەریك بوون لەگەڵ دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکانی کوردستاندا. بەڵام ڕووناکبیرانی ناسیونالیزمی کورد هێشتا پێیان وایە کە نەبوونی هەستی نەتەوایەتی و لە بەرزیدانەبوونی شوناسی نەتەوایەتییە کە مەسەلەی میللی لەم چارەنووسەدا هێشتووەتەوە.

لە کاتێکدا ستەمی میللی بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانەوە و پلەدوو بوونی هاوڵاتی بوونی ئەوان تاڵاوێکەو هەموو ڕۆژێك بە قورگیاندا دەکرێتەخوار. لە کاتێکدا نەفرەت لەم چارەنووسەی کە ئەوانی تیاڕاگیراوە، نارەزایەتییەکی زیندووی ناو ڕیزە بەرینەکانی ئەوانە و تەنها لە دەرفەتێك دەگەڕێ کە دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکەی تەفروتوونا کات، ڕووناکبیری گورد بە شوێن ئەوەوەیە کە دیوارەکانی نێوان شوناسی نەتەوایەتی ( من ) لەبەرانبەر ( ئەویدی ) دا هێندە بەرزبگرێتەوە تا دڕندەترین سەربازی ناسیۆنالیستی لێدروست بکات. ئەوەتانێ بەختیار عەلی لە خوێندنەوەیدا بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، کێشەی دیارنەبوونی سنوورەکانی نێوان "ئێمەی" ی ئێمە و "ئەوانی" ئێمە بە یەکێك لە کێشەکانی ناسیۆنالیزم دەداتە قەڵەم و خوازیاری هێندەی تر بەرزکردنەوەی دیوارەکانی نێوان ئینسانە. ئەوەتانێ مەریوانی وریا قانیع شاگەشگە دەبێت کاتێك سیاسەتی ڕاسیستی ئەوروپا کە لە ژێر پەرچەمەکانی نسبیەتی فەرهەنگیدا بانگەوازی بۆ دەکرێت، گەورەترین کارخانەی دروستکردنی ناسیۆنالیزمی خستۆتەگەڕ و مژدەی لەدایکبوونی "ناسیۆنالیزمی دوورمەودا" بە گوێمانا دەدات. سیاسەتێك کە لەسەر بەرزڕاگرتنی شوناسەکانی منی ئەوروپیدا، لە گێتۆکانی دیموکراسییەتی ئەوروپادا، ئەویدی غەیری ئەوروپی زیندانگردووە و ئاپارتایدێکی لەناوجەرگەی دیموکراسیدا دروستکردووە. بۆیەش کاتێك فشارەکانی "منی ئەوروپی"، لە ژێر پەرچەمەکانی سویدی بوون و شارستانی بووندا، بۆمبارانی "ئەویدی" کوردی سەرڕەش و موسوڵمان و ناشارستانی دەکات، چی لەوە ئاسانترە کە "ئەویدی" بۆ دیفاعکردن لە خۆی هێندەی تر سەربەرزی بە کوردبوون و موسوڵمان بوون و شارستانی بوونی خۆیەوە نەکات. چی لەوە ئاسانترە کە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمێکی ئاوا ئاشکرادا، بە ناسیۆنالیزمێکی تر بۆمبارانی "ئەوی ئەوروپی" نەکات. ئەو "ناسیۆنالیزمە دوورمەودایەی" کە ناسیۆنالیزمی ئەوروپا دروستی دەکات، ئەو پاڵەوانەیە کە ئیتر شوناسی نەتەوەیی خۆی بەدەستهێناوە، شوناسێك کە "ئەوی ئەوروپی" لەسەر ئەساسی "نرخ یۆ خۆدانان و ڕێزلەخۆگرتنەوە" گەورەترین سووکایەتی بەوی "غەیری ئەوروپی" کرد و ئەمیش بە شوێنی خۆی لەسەر ئەساسی "نرخ بۆخۆدانان وڕێزلەخۆگرتنەوە" کە بەشێك لە شوناسی نەتەوایەتییەکەیەتی دەبێت لەسەر ئەساسی سووکایەتی پێکردنی "ئەویدی" بەرامبەری خۆیدا، ببێتە قارەمانێکی ناسیۆنالیست.

## دووا وتە

هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بەرلەوەی هەڕەشەیەك بێت لەسەر شوناسی نەتەوایەتی، هەڕەشەیەکە لەسەر بێحورمەتی کردن بە ئینسان لە پلەی یەکەمدا. ئیسلامی سیاسی چ لە کوردستان و چ لە فەلەستیندا بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستییە و بوونی ستەمی میللی پایەی سەرەکی ئامادەیی دووبارە خۆسازدانەوەی ئەوە. ناسۆنالیزمێك چ لەسەر ڕەگەز کاربکات وەك لە دۆخی نازیزمی ئەڵمانیدا، چ لەسەر ئایین کار بکات وەك لە دۆخی ئیسلامی سیاسی جەزائیر و فەلەستین و کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستییە لە جەوهەردا کە لە ژێر پەرچەمی جۆراوجۆری ئایین و ڕەگەزدا ڕووخساری خۆی نیشاندەدات.

هەڵوێست لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا, لە پلەی یەکەمدا هەڵوێست وەرگرتنە لە بەرانبەر وەڵامدانەوە بە مەسەلەی میللی لە کوردستاندا و پاشانیش هەلوەێست وەرگرتنە لەبەرامبەر جێگاوڕێگای ئایندا لە تەواوی سترەکچەری کۆمەڵایەتیدا. هەڵوێست وەرگرتنی ناسیۆنالیزمی سوونەتی لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا, وەك لەم ڕووداوانەی خێڵی حەمەدا نیشانی دا, هەلوێست وەرگرتنە لەبەرامبەر هێزێکدا کە فشاری دەسەڵات دەخاتە سەر پانتاییەکانی دەسەڵاتی ناسۆنالیزمی سوونەتی, نەك لە بەرانبەر پایە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی دا کە نااسیۆنالیزم و ئایینە.

مانەوەی ستەمی میللی بە چارەسەرنەکراوی لە کوردستاندا, دەرگا لەبەر دەمی بزووتنەوە سیاسییەکانی کۆمەڵگادا دەخاتە سەر پشت تا هەریەکە و بە ئاسۆ و ئامانجی بزووتنەوەکەیەوە وەڵام بەم پرسیارە بداتەوە.

بۆ ناسیۆنالیزمی سوونەتی ئەم وەڵامە تا ئێستا بەو شیوازە دراوەتەوە کە زۆربەمان شایەتیین. بۆ ئیسلامی سیاسی بە دامەزراندنی دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی. بەڵام ئیمە هاوکات شایەتی بزووتنەوەیەکی تری سیاسین کە هەردوو باڵی ناسیۆنالیزم, چ سوونەتییەکەی و چ مەزهەبییەکەی دەستی بە خوێنی هەلسوراوانی ئەم بزووتنەوەیە سووربووە. بزووتنەوەی کۆمونیستی ئەمرۆکە واقعیەتێکی زیندووە و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی دووپاتی شوناسی ئینسانی بوونی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە. شوناسیك کە تیایدا کوردبوون و موسوڵمان بوون بە ناوچەوانی هاولاتییانەوە نا نێت.

لە جەرگەی شەڕە میللیەکانی دەیەی هەشتا و نەوەدەکانی بالکان و ناسیۆنالیزمی بەعس بۆ سەر کورد و جینۆسایدی ڕۆاندادا, لە بەرزراگرتنی شوناسەکانی نەتەوایەتی و ئایینی و عەشیرەیەتیدا, جگە لە گۆرستان و ئەنفال ڕووباری خوێن, مێژووی مرۆڤایەتی خاڵێکی ڕۆشن شك نابات کە سەربەرزی پیوە بکات.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە : ناکرێت شۆڕشگێرێکی سەر ڕێگای لابردنی ستەمی میللی بیت و ناسۆنالیست نەبیت؟ رووناکبیری کورد هەتا ئێستا لە ریگاچارەکانیدا بۆ هەڵویست گرتن لە بەرامبەر چارەسەری مەسەلەی میللیداکە بەرهەمهێنەرەوی ئیسلامی سیاسییە لە کوردستاندا, لە ڕیزی قەمەبەدەستەکەی سەرسنووری یوگوسلاڤیادا ڕادەوەستێت وەك ئەوەی لە تەنیشتی پیرەمێردەکەی سێربرێنیکادا خۆی ببینێتەوە.